# ئامانجی ڕاستەقینەی دەوڵەتی تورك و تێگەیشتنەكانی ئێمە
# پەكەكە ئامانجە یان بیانوو!

**ئیرۆن عومەر**

eron_umer@yahoo.com

ئێمە ئەگەر پێمانوابێت دەوڵەتی تورك خەریكە هەڵەیەكی نائەقلانی دەكات‌و بە لۆجیكی سەربازی نەك سیاسی بیردەكاتەوەو



خەریكە خۆی دەخاتە ناو ڕیسك(مجازفە)ێكەوە كە بۆی هەیە بە تێكشكان‌و زیان‌و تەریككەوتن‌و سەرزەنشتكردنی لەلایەن كۆمەڵی نێودەولەتی تەواو ببێت!، ئەگەر پێمان وابێت سیاسەتمەداران‌و سەركردەو حزبی دەسەلاّتدارو ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی توركی‌و سەرجەم ڕاوێژكارانی تادەگاتە ژەنەڕاڵ‌و فەرماندە سەربازیەكانیان هەموویان خوێن بەری چاوی گرتوون‌و هەلومەرجی نێودەولەتی‌و بارودۆخی ناوچەكەیان هەڵنەسەنگاندووەو هەست بەو دەرەنجامە نالەبارانە بۆ ئێستاو ئایندەیان ناكەن كە لەو پەلاماردانە دەكەونەوە كە گوایە دەیانەوێت بۆ هەرێمی كوردستان ئەنجامی بدەن، ئەوا بە بڕوای من هەلە تێیگەیشتین‌و مانای وایە خوێندنەوەیەكی باشمان نەبووە بۆ ڕووداوەكانی شازدە ساڵی ڕابردوو بەگشتی‌و ماوەی سێ ساڵی دوای هاتنی ئەمەریكا بۆ عێراق بەتایبەتی، هەروەها سروشتی دەولەتی توركیمان نەناسیوە.

دەولەتی توركیای كەمالی كە تەمەنی هەشتاوچوار ساڵە، لەسەرەتای دروستبوونیەوە تا دەگاتە ئێستە چۆتە نێو چەندین ڕێكەوتنامەو هاوپەیمانێتیەكانەوە، ئەزموونێكی زۆری هەیە لە خۆگونجاندن لەگەڵ هەموو بارودۆخێكداو وەرگرتنی پێگەی بەهێز لەتەك ولاتانی زلهێزی دنیادا، باشترین قازانجی لە ناكۆكی نێوان ئەو زلهێزانەدا وەدەستهێناوە، هەر هەنگاوێكی هەڵێنابێ هەڵسەنگاندنی سیاسی وردی بۆكردووەو هەر هەڵوێستێكی نواندبێ لەبەرامبەر هەر ڕووداوێكدا دەرەنجامە سودبەخش‌و زیابەخشەكانیشی لەبەرچاو گرتووە، لە هەڵبژاردنی كاتدا بۆ بەدیهێنانی مەرامە سیاسیەكانی‌و ئەنجامدانی كارە سەربازیەكانی لێهاتوو بووەو زۆركەم هەلەی كردووەو ئامانجەكانی پێكاوە . توركیا یەكێكە لەو ولاتانەی كە بەگۆڕانەكانی دونیا لە كۆتاییەكانی سەدەی ڕابردوو تا ئێستەی سەرەتای سەدەی نویێ گۆڕانی زۆری تێكەوت، بەلاّم توانیویەتی ئەو گۆڕانانە تا دەمی ئێستەش لەبەرژەوەندی خۆیدا ئاڕاستە بكات‌و زۆر ژیرانە توانی خۆی بخاتە بەرەی ولاتە دیموكراسی خوازەكان‌و شۆڕشی كوردیش بخاتە خانەی تیرۆریزمی جیهانی، بە پەیڕەوی كردنی سیاسەتی سودوەرگرتن لە خاڵی لاوازی سیاسەتی ئەمریكی‌وخۆرئاوایی.

دیارە ئەو تواناو لێهاتووییەی دەولەتی توركیا وێڕای شوێنی گرنگی ئەو ولاتە لەناو هاوكێشە سیاسییە نێودەولەتییەكان‌و هەڵكەوتەی جوگرافی‌و پێگە ئابووری‌و كۆمەلاّیەتییەكەی دەگەڕێتەوە بۆ توانا‌و لێهاتووی ئەو كەسانەی لە پشت بڕیاری سیاسی‌و دانانی ستراتیج‌و پلانی دەولەتەوەن، جا ئەو كەسانە چ ئەوانە بن كە دادگای دەستووری بەڕێوەدەبەن، چ ئەوانەی پەیكەری ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی توركی پێك دەهێنن، چ كەسایەتیە گرنگەكانی ناو دامەزراوەی سیاسی دەولەت بن لە ئەندامە بەرزەكانی حزبە سیاسیەكان، چ ڕاوێژكارە خاوەن توانا ئەكادیمییەكانی نێو زانكۆكان‌و دەزگاكانی لێكۆلینەوەو ئینستیتیۆكان بن. بەكورتی دەتوانین بلێین توركیا دەوڵەتێكی هەرەبەهێزی ناوچەی خۆرهەلاّتی ناوەڕاستە چ لەڕووی سەربازی چ لەڕووی سیاسی‌و ئابووری، بەرژەوەندیەكی گەورەی سیاسی‌و ئابووری لەگەڵ ولاتە گرنگەكانی دنیادا هەیە،هاوپەیمانی ئەمەریكاو ئەندامێكی گرنگی ناتۆیە، دۆستی زۆرو دوژمنی كەمی هەیە، دیپلۆماسیەتێكی سەركەوتوو و چالاكی هەیە، هەروەها نەتەوەی توركیش یەكێكە لە نەتەوە زۆر چالاك‌و بەهێزەكانی ناوچەكە، هەمیشە لە كاتی بوونی هەرهەڕەشەیەك‌و مەترسیەك لەسەر ئاسایشی نەتەوەییان بەخێرایی دەوروژێن‌و دەكەونە جموجۆڵ‌و چالاكی‌و لەپشت دەسلاّتی سیاسی ولاتەكەیان ئامادەن‌و مۆڕاڵێكی بەهێزیان هەیە، لەبەرامبەر پێشهاتە دەرەكیەكاندا لە نێوان هەڵوێستی دەولەت‌و خواستی گەل دا جیاوازییەكی زۆر كەم هەستی پێدەكرێت. كۆمیونیتی(جالیە)یەكی گەورەیان لە ولاتە خۆرئاواییە بڕیاربەدەستەكان هەیە بەتایبەتی ئەلمانیاو ئەمەریكاو كەنەدا، لۆبی توركی ڕۆلێكی كاریگەری هەبووە لەسەر سیاسەتی ئەو ولاتانە، ڕاگەیاندنی توركی ڕاگەیاندنێكی هێندە پڕۆفێشنالە

دەتوانێت بچوکترین ڕووداو کە لە قازانجی سیاسەتی ولاتەکەیانبێت هێندە گەورە بکات بیخاتە بەرچاو و گوێی هەموو جیهانو خەڵکی پێوە سەرقاڵ بکات، ڕووداوێکیش هەرچەندە گەورە بێت ئەگەر زیان بەناوبانگیان بگەیەنێت بەشێوەیەك بچوکی دەکەنەوەو پەردەی بەسەردادەدەن مشتومڕو قسەلەسەرکردنی بچێتە خانەی گومانو ڕاستودرۆوە.

لەبەرامبەردا ئێمەی کورد گەلو نەتەوەیەکی بێ دەولەتو لاوازو پەرتەوازەو خاوەن حکومەتێکی هەرێمی چارەنووس نادیارو دامودەزگایەکی شلوخاو و کاربەدستی ناکارامەو ئابووریەکی لەرزۆكو ژێرخانێکی وێرانو جوگرافیایەکی داخراو و کۆمەڵگایەکی دواکەوتوو و نامەدەنیو خێڵەکیو هێزێکی چەکداری نا نیزامی میلیشیایی سستو بێ مۆڕاڵو دابەشکراو لەسەر بنەمای حزبایەتیو خاوەن چەکی سوکی تەقلیدیو ناڕاهێنراو بە زانستی سەربازین، سەرەڕای کۆنەبوونەوەی خەڵكو پارتو کۆمەڵەو ڕێخراوەکان لە دەوری یەك ناوەندی سیاسی، بوونی هەڵوێستو گوتاری جیاواز لە نێوان سەرکردەو پارتە دەسەڵاتدارەکان بە ئاشکرا هەستی پێدەکرێت. بەشێکین لە دەوڵەتێکی ڕوخاو و نائارامو لاواز کە هێشتان کێشەی زۆرمان هەیە لەگەڵ ناوەندەکەی، جیۆپۆلەتیکێکی نالەبارمان هەیەو ئاسایشی نەتەوەییمان هەمیشە لە مەترسی دایەو دۆستی کەمو دوژمنی زۆرمان هەیە. دەولەتی تورکی ئاگاداری هەموو ئەمانەیەو بارودۆخی ئێمەی بەباشی شیکردۆتەوەو هەڵیسەنگاندووە، بەتایبەتی ئەو خاڵەگرنگەی ڕەچاوکردووە کە ئێستە بێ متمانەییەکی زۆر لە نێوان کوردو ئەمەریکا دروست بووە سەبارەت بە ئایندەی کوردو چارەنووسی ناوچە دابڕاوەکانی کوردستان، باشترین کاتە بۆ تورکیا تا دوا تیری خۆی بهاوێژێت کە ئەگەر ئامانجی خۆی پێکا برینێك ئەکاتە جەستەی کوردەوە کە سارێژ بوونی ئاسان نەبێتو بۆ ماوەیەکی دورو درێژ لە فڕینی دەخات، ئەگەر ئامانجەکەشی نەپێکا خۆی هیچ زەرەرێك ناکات، بەڵام بەپێچەوانەوە کورد قازانجێکی زۆر دەکات.

بۆ ئەوەی لە ئامانجە ڕاستەقینەکانی دەولەتی تورك تێبگەین پێویستمان بە ئاوڕدانەوەیەکی خێرا دەبێت لە ماوەی شازدە ساڵی ڕابردووی بارودۆخی عێراقو هەرێمی کوردستانو ناوچەکە بەگشتیو بەتایبەتیش ئەوگۆڕانکاریانەی عێراق لە ساڵی 2003 بەدواوە بەخۆیەوە بینی. ئازدبوونی بەشێك لە خاکی کوردستان لە ساڵی 1991 لە عێراقداو پێکهێنانی ئیدارەیەکی کوردی تیایدا ناکرێت کاری لە مۆڕاڵو هەستی نەتەوایەتی کوردەکانی باکوور لە تورکیادا نەکردبێتو پاڵی پێوەنەنابن ئەوانیش بکەونە جموجوڵو چالاکی سیاسی زیاتر بۆ بەدەستهێنانی مافەکانیان، هەرچەندە ئەمە تاکە هۆکارو پاڵنەری سەرەکی نەبووە بۆ ئەو ڕابوونە سیاسیەی ئەوان، بەڵکو دەبێ دانییپێدابنێین کە پارتی کرێکارانی کوردستان وێڕای هەر بەهەڵەداچوونو نابەرچاوڕوونیەکیان ئەو هێزە چالاکە بووە کە کوردی لەو بەشەی کوردستان لە خەوێکی قووڵی سی ساڵە ڕاپەڕاندو ئامادەی کردەوە بۆ شۆڕش، بەڵام کاریگەری ئەو بارودۆخەی لە کوردستانی عێراق هاتەکایەوە، وایلێکردن بەڕێژەیەکی زیاترو بەشێوەیەکی چالاکتر لەسەر مافەکانی خۆیان وەدەنگ بێنو تێکەڵی ناو ڕێکخستنو ڕیزەکانی پەکەکە بن، لێرەوەیە ناکۆکی تورکیا لەگەڵ هەرێمی کوردستانو کوردەکانی ناو سنووری عێراق دەست پێدەکات، کە دەبێت بیکەینە بنەمای هەرجۆرە بیرکردنەوەو قسەکردنێکمان لەسەر کێشەی نێوان کوردو تورکیا. کوردەکانی باشوور بۆ ڕەواندنەوەی ئەومەترسیەی تورکیا چەندجارێك هاوشانی سوپای تورك شەڕیان لەگەڵ پەکەکەدا کرد، بەڵام هیچ سەرکەوتنێکی بۆ تورکەکان تێدا بەدەست نەهاتو نەیتوانی هەڵوێستی دەولەتی تورکیا لەبەرامبەر کوردی عێراقدا بگۆڕێت، نامانەوێت باس لەوهەموو ڕێکەوتنە نهێنیانە بکەین کە ئەو ولاتە لەگەڵ سێ ولاتەداگیرکەرەکەی تری کوردستان کردوونیو ئێمە زانیاری کەممان لە بارەیانەوە هەیە، بەڵام زۆرترینی هەوڵی ئەو ولاتە لەگەڵ دەوڵەتی ئەمەریکا بووە بۆ هەرچی زووتر کۆتایهێنان بەو هەلومەرجەی لە باکوری عێراقدا هاتۆتە ئاراوە، بەڵام ئەمەریکا توانی تورکیا قایل بکات بەوەی کە ئەوەی هەیە شتێکی کاتییەو مانەوەی بارودۆخەکە وەکو خۆی باشترە تا ئەوکاتەی کێشەکانی کۆمەڵی نێودەوڵەتی لەگەڵ عێراقدا کۆتایی پێدێت، بەپێچەوانەوە ڕەنگە کارەساتێکی تری مرۆیی لەوێنەی ئەوەی ساڵی 1991 ڕوووبداتەوەو کوردەکانی عێراق ناچاربن کۆچڕەوێکیتر بۆ ناو سنووری خاکی تورکیا دەست پێبکەنەوە، ئەمەش زیانی بۆسەر ئاسایشی تورکیا زیاتردەبێت لەوەی ئێستە هەیە، هەرئەمەش بوو تورکیای ناچار کرد ڕێگابدات لەناو خاکەکەیەوەو بەهۆی بنکەی ئینجەرلیكو لەژێرناوی چەکوشی ئامادە ئەمەریکاو هاوپەیمانانی باکووری هێڵی پانی سیوشەش لەهەر جموجۆڵێکی سوپای عێراقی بپارێزن، ئەم زانیاریانە لە لێکۆڵینەوەو شیکردنەوە سیاسیەکانو میدیای ئەوسا زۆربەمان بەرگوێمان کەوتوونو بەڵگەنەویستن.

بوونی هەرێمێکی کوردی ئازاد بەدرێژایی ساڵانی نەوەدەکان تاکەوتنی ڕژێمی سەدام‌و هاتنی ئەمەریکا مانای ئەوە نییە تورکیا بوونی ئەوهەرێمەی قبول کردووە‌و مانەوەی بەلاوە ئاسایی بووە، بەڵکو لەبەر ئەوە بووە کە مەترسی بوونی ئەو هەرێمە کوردییە لەباکووری عێراقدا کەمتربووە لەو مەترسیەی لە لەناوبردنی ئەوهەرێمە پەیدا دەبێت بۆسەر ئاسایشی نیشتیمانی ولاتەکەی، بەلاّم سەرەڕای ئەوەش هەموو هەوڵێکی داوە بۆلاوازکردنی‌و تەنگ پێهەڵچنینی حزبەکانی‌و ئازاردانی دانیشتوانەکەی، بەدەستخستنە ناو کاروباریان‌و گەرمکردنی شەڕی ناوخۆیان‌و سڕکردن‌و ڕاگرتنی چالاکییە ئابووری‌و ژیارییەکانیان‌و چەندین جار داخستنی سنووری هەرێمەکە بەدەرەوە ( ئەگەر ئەو خاڵە سنوورییە دەسکەوتی ئابووری خۆیانی تێدا نەبووایە ڕەنگە هەربەئێجگاری دایانبخستایە) هەروەها دروستکردن‌و یارمەتیدانی بەرەی تورکمانی بۆ دژایەتی کردنی دەسکەوتەکانی گەلی کورد، هەمیشەش تورکیا بەئومێدی ئەوە بووە ئەو سەربەستییەی کوردەکانی عێراق لە پاشەڕۆژێکی نزیکدا کۆتایی پێبێت، بەلاّم هاتنی ئەمەریکا بۆ عێراق‌و ڕوخاندنی ڕژێمەکەی پێچەوانەی ئەو خواستەی تورکیای هێنایەدی، تورکیا زۆرهەوڵیدا ئەمەریکا لە ڕوخاندنی یەکجارەکی ڕژێمی سەدام پاشگەز بکاتەوە‌و چەند بەربەستێکیشی دروست کرد وەکو ڕێپێنەدانی پەرلەمانی تورکیا بەتێپەڕینی سەربازەکانی ئەمەریکا بەنێو خاکەکەی‌دا کە ئەمەش زیانێکی زۆری بە بەرەکانی جەنگی ئەمەریکا گەیاندو تورکیاش باجی ئەوهەلەیەی خۆیدا بەکەم بوونەوەی کارگەریەکەی بەسەر سیاسەتی ئەمریکادا. ئەو گۆڕانکاریانەی دوای ڕژێمی بەعس لە عێراق هاتنەدی‌و ئەمەریکا دەستی تێیاندا هەبوو هەمووی پێچەوانەی خواستەکانی تورکیا بوون‌و تورکیا لەبەرامبەر سیاسەتەکانی ئەمەریکا خۆی وەکو پەراوێزکراو وگۆشەگیر دەبینی، بەتایبەتی کە هەرێمی کوردستان بە ڕووخانی ڕژێم سوودێکی زیاتری پێگەیی‌و وەکوهەرێمێکی ڕەسمی‌و یاسایی لەسەر بنەمای فیدرالیزم دانیپێدانراو بوو بە دیفاکتۆ. بۆیە دەبوایە تورکیا بیر لە ڕێگاچارەیەکیتر بکاتەوە بۆ هاتنەناوەوە، ئەوهاتنەناوەوەیەش شتێك نەبوو جگە لەهەوڵی بەستنەوەی ئابووری هەرێمی کوردستان بە تورکیاوە‌و ناردنی سەدان کۆمپانیای تورکی بۆ بازرگانی کردن‌و ئاوەدان کردنەوە، ئەویش بۆ دوو مەبەست، یەکەم ئەو دەسکەوتە زۆرەی کەلەو بازرگانیکردن‌و پڕۆژانەی ئاوەدانکردنەوە دەستیان دەکەوێت، دووەم بۆ ئەوەی ئابووری هەرێمەکە لەژێر چاودێری تورکیا فۆرمی خۆی وەرگرێ‌و بە ماشێنی ئەوان وەگەڕکەوێ، بەو ئامانجەی هەرکاتێك ئەو هەرێمە پێچەوانەی ویستی ئەوان ڕەفتاری کرد تورکەکان ئەو ماشێنە ئابوورییە لەکار بوەستێنن‌و زیانێکی زۆر بە هەرێمەکە بگەیەنن، خراپ تێگەیشتن‌و هەڵەی کاربەدەستانی هەرێمی کوردستانیش لەوەدا بوو ڕێگایاندا ئەو ژمارە زۆرەی کۆمپانیا تورکیەکان بێنە ناوە‌و تەنانەت زۆر بەگەرمیش پێشوازیان لێکردن‌و کام پڕۆژە باش‌و گەورە بوو خستیانە بەردەستیان، بەخەیاڵی خۆیان پێیانوابوو هاتنی ئەو هەموو کۆمپانیا تورکیانە وادەکات تورکیا بەرژەوەندی ئابووری گەورەی لە هەرێمی کوردستان بۆ دروست ببێت‌و ئەمەش دەبێتە هۆی گۆڕانی هەوڵوێستی سیاسییان لە بەرامبەرماندا‌و دەبێتە فاکتەری سەرهەڵدانی پەیوەندیەکی دۆستانە، مەبەستم ئەوە نییە بڵێم بەهیچ جۆرێك ڕێگا بەهاتنی کۆمپانیا تورکیەکان نەدرابایە‌و کاریان پێنەدرابا، بەڵکو دەکرا پلانێکی زانستییان بۆ ڕێپێدان‌و کارپێدانی کۆمپانیا تورکیەکان پەیڕەوی لێبکردایە، کاریگەری ئەوانیان بەسەر ئابووری کوردستاندا هەستپێبکردبا کە ژمارەیان گەیشتبووە دەوروبەری (700) کۆمپانیا تا سەرتای ساڵی2007 ، ئەگینا خۆ هەندێ لەو کۆمپنیایانە سودی باشیان هەبووە.

ئەمساڵ 2007 پەرلەمانی کوردستان یاسای وەبەرهێنانی لە هەرێمی کوردستان گەلالە کردو پەسندی کرد، بەپێی ئەو یاسایە حکومەتی هەرێم هەوڵی ڕاکێشانی چەندین کۆمپانیای بیانی بەتایبەتی خۆرئاوایی‌دا تا بێنە ناو هەرێمی کوردستان بۆ وەبەرهێنان‌و سەرمایەگوزاری کردن. بۆ ئەو مەبەستە چەندین کۆمپانیای جۆراوجۆری بیانی کە هەستیانکرد بارودۆخی شوێنەکە ئارامە‌و ئەو توندوتیژیەی تێدانیە کە لە بەشەکانی تری عێراقدا هەیە، هەروەها شوێنێکە بۆ دەستکەوتنی قازانجی زۆرو ماوەدرێژ، لە ماوەیەکی کورتدا ڕوویان کردە کوردستان‌و دەستیان بەکارکرد، بەتایبەتی ئەو کۆمپانیا کەنەدی‌و ئەمەریکی(پێشتریش نەرویجی)یانەی‌و لەبواری پشکنین‌و دۆزینەوە‌و دەرهێنانی نەوت کاردەکەن، ئەمانە هەموویان لەسەر حسابی کۆمپانیا تورکیەکان تەواو دەبوون کە ئیتر دەبێ پلەی یەکەم بەجێبهێڵن‌و بکشێنەوە پلەکانی دواوە، چونکە وەکو باسدەکرێت هەرئێستە کۆمپانیا تورکیەکان بەبەهای یەك ملیارونیو دۆلاری ئەمریکی پڕۆژەیان لەبەردەست دایە، بەو کارە حکومەتی هەرێم بەزانین بێت یان بێ زانین زەبرێکی کاریگەری سرەواندە پەیوەندیە ئابووریەکان لەگەڵ تورکیا‌و ئامانجی تورکیا

لە هەرێمەکە، بەتایبەتی هاتنی کۆمپانیاکانی بواری نەوتدەرهێنان کە هەرئێستا هەندێکیان لەناوچەی گەرمیان کارەکانیان دەستپێکردووە تورکیای خستە حاڵەتی هەناسەتەنگی، تێبینی کراوە لەماوەی چەند مانگیڕابردوو هەرکۆمپانیایەکی تورکی کە پرۆژەکانی خۆی کۆتایی پێدێنێت پرۆژەیتری پێنادرێت، نەك لەبەر هۆیەکی سیاسی بەڵکو لەبەر ئەوەی زۆربەیان لەپرۆژەکانی پێشوویان سەرکەوتوو نەبوون‌و کارەکانیان بەباشی بەڕێوە نەبردووە، چونکە ئەوانە لەبنچەنەدا کۆمپانیای پرۆفێشناڵ نەبوون‌و پسپۆڕێتییان کەمبووە، زۆربەیان دەولەتی تورکی بۆ مەبەستی سیاسی ڕەوانەی کردبوون‌و خەڵکانێکیان تێدابوو کاریان لەسەر خوێندنەوەی بارودۆخی کوردستان دەکردو لە سیخوڕێك زیاتر نەبوون، بەشێکی زۆر لەو کۆمپانیا تورکیانە کە هەندێکیان پرۆژەکانی خۆشیان تەواو نەکردووە بە نیازن هەرێمی کوردستان جێبهێڵن‌و بگەڕێنەوە بۆ تورکیا.

لەلایەکی ترەوە یەکێتی ئەوروپا لە چەند مانگی ڕابردوو بڕیاری دا بڕی 55 ملیار دۆلار بۆ ئاوەدانکردنەوەی عێراق خەرج بکات، سەرەتای ئەو ئاوەدانکرنەوەیەش لە کوردستانەوە دەستپێبکات، بەوپێیەی کە هەرێمێکی ئارام‌و بێ مەترسیە، ئەگەر دابەشکردنی ئەوبڕە پارەیە بەپێی بەشی لەسەدا حەڤدە بۆ هەرێمی کوردستان خەرج بکرێت ئەوا کوردستان بڕی نۆ ملیاروسێ‌سەدوپەنجا ملیۆن دۆلاری بەردەکەوێت، ئەمەش هۆیەکیترە بۆ ئەوەی سەدان کۆمپانیایتری بیانی ڕوو بکەنە کوردستان بۆ کارکردن لە بواری ئاوەدانکردنەوە، هەرلەولایەنەوە چاوەڕوان دەکرێت تاچەندسالی ئایندە هەزاران کۆمپانیا بەتایبەتی لەولاتە پێشکەوتووە باڵادەستەکانی جیهان ڕووبکەنە ناوچەکەو بۆ ماوەیەکی درێژ تێیدا بمێننەوەو کاری تێدا بکەن، ئەوەش بەو مانایە دێت ئەو ولاتانەی کە کۆمپانیاکان لێیانەوە دێن بەرژەوەندیەکی هەمیشەییان لەهەرێمی کوردستاندا بۆ دروست دەبێت‌و بۆ پاراستنی ئەوبەرژەوەندیانەیان ناچارن پشتگیری لە هەرێمەکە بکەن‌و هاوکاری بکەن‌و بەرگری لێبکەن، سەرەنجام هەرێمەکە ببێتە ناوەندێکی ئابووری گەورەو پێشبکەوێت‌و ئەمەریکا ئەزموونی هۆنگ کۆنگ و کۆریای باشووری تێدا دووبارە بکاتەوە، چونکە ولاتێکی نەوتیشە ڕێیتێدەچێت دەسەلاتێکی بەهێزی تێدا دەرکەوێت‌و دۆستی زۆرپەیدا بکات، کردنەوەی زانکۆگەلی ئەمەریکی‌و فەرەنسی‌و بەریتانی‌و لوبنانی لەشارەکانی کوردستان‌و کردنەوەی کونسولگەری هەندێ ولاتانی گەورە لە هەولێر ڕەنگە نیشانەیەك بن بۆ دەرکەوتنی هەلومەرجێکی لەوجۆرە.

ئەمانەی لەسەرەوە باسکران ئەگەر هەمووی وەك هۆکارێکی سەرەکی تەنگەتاو بوونی تورکیا وەرگرین ئەوە لەپاڵ ئەمەشدا هۆکارێکی تری سەرەکی‌و گرنگی هەڵچوونی دەولەتی تورکیا پەیوەندی بە ئەجێندای نوێی ئیدارەی ئەمەریکیەوە هەیە کە لەدوای هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی ئەمەریکا لە کۆتاییەکانی ساڵی ئایینده دێتە سەر دەسەلات ئەگەر دیموکراتەکان سەرکەوتن بەدەست بهێنن، زۆربەی چاودێران وای بۆدەچن ئەگەر دیموکراتەکان لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوو سەرکەوتن بەدەست بێنن، سیاسەتێکی نوێ‌و جیاواز لەوەی ئیدارەی ئێستە سەبارەت بە عێراق پەیڕەو دەکەن بۆ دەرچوون لەو تەلەزگەیەی تێیەوە ئالاون، ڕەنگە جارێکیتر مەسەلەی دابەشکردنی عێراق لەسەر بنەمای کۆنفیدرالیزم بچێتەوە سەر مێزی گفتوگۆی کۆنگرێس‌و ئیدارەی دیموکراتەکانیش پەسندی بکات، ئەمە تاکە ڕێگایە بتوانن بەهۆیەوە بەشێك لە سەربازەکانیان لەو ولاتە بکشێننەوە، هەروەها چاوەڕوان دەکرێت بنکەیەکی سەربازی گەورە لە هەرێمی کوردستان بکەنەوەو بۆ هەمیشە تێیدا بمێننەوە، هەروەکو پالێوراوی دیموکراتەکان بۆ سەرۆکایەتی ئەمەریکا هیلاری کلنتۆن چەند جارێك ئەمەی دوپات کردۆتەوە، ئەمە سەرباری گوشاری لۆبی بەهێزی ئەرمەنی لەسەر ئیدارەو کۆنگرێسی ئەمەریکی تاجارێکیتر مەسەلەی جینۆسایدی ئەرمەنەکان بخەنەوەبەرباس‌و بڕیاری دوایی لەبارەوەبدەن کە بەزیانی تورکیا تەواو دەبێت. هەروەها لە چوارچێوەی پلانی ڕووبەڕوو بوونەوەی تیرۆر کە ئێستە ئەمەریکا لە عێراق‌و زۆرشوێنی تر پێڕەوی لێ دەکات بەڕێکەوتن لەگەڵ هێزو گروپی نادەولەتی، ئەوانەی بەرژەوەندیان لە هەبوونی پەیوەندی لەگەڵ ئەمەریکادا هەیە شەڕی گروپە توندڕەوە ئیسلامیەکان بکات، بۆی هەیە لە ئایندەدا ئەمەریکیەکان سوود لە پەکەکەش وەرگرن بۆ ئەومەبەستە لەبەرامبەر دەرهاویشتنیان لە لیستی ڕێکخراوە تیرۆریستیەکان، بەڵگەی ئەوەش بێ‌دەنگی ئەمەریکیەکان لەبەرامبەر جموجۆلی پەکەکە لەماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا، چونکە پەکەکە تاکو ئێستا بەرەوڕووی ئەمەریکا نەوەستاوەتەوەو دوژمنایەتی نەکردووە زیانی پێ نەگەیاندووە، چەندجارێکیش بەشێوەیەکی نارەسمی باس لە هەبوونی پەیوەندی لە نێوان ئەمەریکیەکان‌و پەکەکە کراوە پەکەکەش پێشتر ڕایگەیاندووە ئامادەیە هاوکاری ئەمەریکا بکات لە شەڕی دژ بە تیرۆر، بەلام بەلەبەرچاوگرتنی هەموو ئەمانەش دیسان دروست بوونی پەیوەندیەکی ئاشکرا لە نێوان پەکەکەو

ئەمریکیەکان لە ئایندەیەکی نزیك دا ئەگەرێکی لاوازە.

بە پشت بەستن بەوانەی خستمانەڕوو دەتوانین ئامانجی ڕاستەقینەی دەولەتی تورك لەو هەڕەشەو هێزکۆکردنەوەیەی سەرسنوورو ڕاگەیاندنی شەڕێکی چاوەڕوانکراو و ئەوگوشارەی خستویەتیە سەر هەرێمی کوردستان بەوشێوەیە کورتبکەینەوە.

یەکەم" تورکیا دەیەوێت دۆخێکی نا ئارامو ترس ئامێز لە هەرێمی کوردستان بێنێتە ئاراوە تا داینەمۆی ئابووری هەرێمەکە لەکاربخات، بەوەی ئەو هەزاران کۆمپانیایەی دەیانەوێت ڕوویتێبکەن پاشەکشێ بکەنو ئەوانەش کە تائێستە هاتوون بەجێیبهێڵن، چونکە سروشتی کۆمپانیا بیانیەکان وایە ئامادەنین سەرمایەی خۆیان بخەنەمەترسی بە ئانجامدانی پڕۆژەکانیان لەشوێنێك کە ئارام نییەو لەژێر هەڕەشەو مەترسی دایە، قسەکانی سەرۆك وەزیرانی تورکیا ئەردۆگان جێگای سەرنجن کە وتی بڕیاری پەرلەمان بۆ ڕێپێدانی سوپا تا لەدەرەوەی سنوور ئۆپەراسیۆن ئەنجام بدات بەو مانایە نییە کە ئێمە لەماوەیەکی نزیکدا کاری سەربازی ئەنجام بدەین، بەڵکو ئەوکاتە ئەنجامی دەدەین کە دەزانین پێویستە، مەبەستی ئەوەبوو لەوانەیە دوای چەند مانگێکیتر یان ساڵێكو زیاتریش ئەو کردەوەیە ئەنجام بدەن، بەمەش بەردەوامیەکی ماوەدرێژ دەداتە هەڕەشەکانیان، واتا ناڕاستەوخۆ بەو ئەوکۆمپانیا بیانیانە دەڵێت تاماوەیەکی درێژیش بیر لەوە مەکەنەوە بێن بۆ ئەو ولاتە، تا بەوهۆیەوە هەوڵی بنیاد نانەوەی ژێرخانی ئابووری هەرێم بەرەوڕووی شکەست ببێتەوە. دووەم" هەرێمی کوردستان ناچاربکات ئەولەویەت بداتە پەیوەندیە ئابووریەکانی لەگەڵ تورکیا.سێیەم" سەرکردە کوردەکان سەرقاڵ بکات بەکیشەی نێوان تورکیاوهەرێمو لە کارکردنو هەوڵدانیان بۆ گێڕانەوەی ناوچە دابڕاوەکانی کوردستان خاویان بکاتەوەو کورد پاڵپێوەبنێتەوە باوەشی بەغداو لەبەرامبەر دەسەڵاتی ناوەند بچوکیان بکاتەوە(من واتێدەگەم ئەوە هەرلەبنچینەدا پیلانێك بێت لەنێوان عەرەبو تورکەکاندا دژ بەکورد). چوارەم" پیشاندانی پەرچەکرداری تورکیا لەبەرامبەر پێشوازی کوردان لە پێشنیاری دابەشکردنی عێڕاق لەلایەن کۆنگرێس. پێنجەم" ئەگەر بکرێت پارتە دەسەڵاتدارەکانی هەرێمی کوردستان ناچاربکات شەڕێکیتر لە دژی پەکەکە ڕاگەیێنن، بەوەش ناکۆکیو دوژمنایەتی بخاتە نێوان کوردەکانی باکوورو باشوور. شەشەم" هەڵوێستی ئەمەریکا دەخاتە ژێرتاقیکردنەوە تا بۆی دەرکەوێت ئاستی جدیەتی ئەوان لە پشتگیری کردنی کورد چەندە. حەفتەم" بیسەلمێنێ کە ئەگەر بیەوەی دەتوانێ بەرنامەکانی ئەمەریکا پەکبخاتو ئەمەریکا ئاگاداربکاتەوە کە بە سیاسەتی پەراوێزخستنی تورکیا ڕازی نییەو دەبێ تورکیا جارێکیتر لەناو چەقی سیاسەتی ئەمەریکا جێگای خۆی وەرگرێتەوە. هەشتەم" لە ڕێکخستنەوەی سیستەمی سیاسی عێڕاقی نوێ نەخشی هەبێت، کۆنگرەی وەزیرانی دەرەوەی ولاتانی دەوروبەری عێڕاق لە ئەستەمبوڵ بە بەشداری ئەمەریکاو یوئێن بەڵگەیە بۆ ئەوە. نۆیەم" یەکێکی تر لە ئامانجەکانی تورکیا بریتیە لە پەیداکردنی کێشەی گەورەو دوایش ڕاکێشانی کاربەدەستانی ئەماریکا بۆ ناو کێشەکەو چارەسەرکردنی لەسەردەستی ئەوان، ئەوش وەك پڕوپاگەندەیەك بۆ ئیدارەی کۆمارییەکان سودی لێوەردەگیرێت تا لە هەڵبژاردنی داهاتوو سەرکەوتن وەدەست بێننو دیموکراتەکان نەهێنە سەردەسەڵات کە تورکەکان زۆر لە ئەجێنداکانیان دەترسن.

ئەمانەن ئامانجی ڕاستەقینەی تورکیا نەك لێدانو لەناوبردنی پەکەکە، چونکە لەبنچینەدا لەناوبردنی پەکەکە لەقازانجی دەولەتی تورك دا نییەو سوود لەمانەوەیان وەردەگرێت، بەوەی چارەسەرنەکردنی کێشەی کوردی لە تورکیادا بەمەسەلەی تیرۆرەوە گرێداوەو بەهانەی ئەوەی بەدەستەوەیە کە تاکو پەکەکە بمێنی ناتوانێ هیچ هەنگاوێکی لەوشێوەیە هەڵگرێ. جا ئەگەر پەکەکە نەمێنێ تورکیا چی بەهانەیەکی بەدەستەوە دەمێنێ بۆ چارەسەر نەکردنی کێشەی کورد. هەروەها تورکیا دڵنیایە لەوەی کە هیچ هێزێك نییە بتوانێت پەکەکە لەناو ببات، کەواتە بوونی پەکەکە لەدەرەوەی سنووری تورکیا(هەرێمی کوردستان یان هەرشوێنێکیتر) باشترە لە بوونیان لەناوەوەی سنووری تورکیا، ئەگەر پەکەکە لەناوچە شاخاویەکانی هەرێمی کوردستان دەرپەڕێنرێو لە ئێرانو سوریاش جێگایان نەبێتەوە ناچارن بۆ قولایی خاکی کوردستانی تورکیا بگەڕێنەوەو چالاکیەکانیان بگوازنەوە بۆ ئەوێو لە شاخە سەختەکان جێگیر بنو لەخەڵکی باکوری کووردستانیش نزیکتر ببنەوە، ئایا ئەمە لەقازانجی تورکیا دایە؟!.

کەواتە پەکەکە لە بیانوویەك زیاتر نییەو ئامانجی تورکیا هەر ئەو شتانەن کە پێشتر باسمان کردن، بەڵام بۆ پوچەڵکردنەوەی ئەو بیانووەی تورکەکان لەوانەیە حکومەتی هەرێمو دەسەڵاتی ناوەندی عێڕاقو هێزەکانی ئەمەریکا هەندێ ڕێوشوێن لەبەرامبەر

پەکەکە بگرنەبەر، بەڵام ئایا ئەولایەنانە بەتایبەتی ئەمەریکا چ بەرنامەیەکیان هەیە تادوای نەمانی پەکەکە لەو ناوچە سەختە سنووریانە شوێنەکە لەلایەن کەتیبەکانی قاعیدەو موجاهیدەکانی ئەنساری ئیسلام بە پشتگیری ئێران نەبێتە تۆرابۆرا؟!.

ئەگەر سەرکردە سیاسیەکانی کوردستان وریا نەبن و بە زیرەکی مامەلە لەگەڵ پێشهاتەکاندا نەکەن لەوانەیە تورکەکان زۆرێك لەو ئامانجانەیان وەدەستبخەن، بە پێچەوانەوەش هەڵوێستی خۆیان دەگۆڕن چونکە ناتوانن بەبێ ڕەزامەندی ئەمەریکا هیچ هەنگاوێك هەڵگرن، ئەمەریکاش لە زیان بەولاوە هیچ قازانجێکی لە تێکچوونی باری ئارامی هەرێمی کوردستاندا نییە.